**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٤٠ لە ٢٠١٨/٩/٦**

**بەیانی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٨**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٣٠) لە ٢٠١٧/١٢/٢٨ بڕیارماندا بەهەموار کردنەوەی ئەم بڕگانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون لە ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٨ :-**

**یەکەم: هەموارکردنی (٣) لە ماددەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە :**

**-٣**

**أ- فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکانی حکومی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە ئەستۆی فەرمانبەرانی پلە تایبەت و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی حکومەت ئەوانەی یەکەی ژمێریاری سەربەخۆیان هەیە و ئەندامانی دەستەی پشکنینی کارگێڕی و پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و ئەوانەی تایبەتن بەکاری خزمەتگوزاری و تۆئۆمبیلەکانی پرۆتۆکۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئۆتۆمبیلە تۆمارکراوەکان لەسەر ئەستۆی فەرمانگەکانی ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە ناگرێتەوە .**

**ب- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە سەر بە فەرمانگەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن و لە ئەستۆی فەرمانبەری شارستانین ئەم ڕێنماییانە دەیانگرێتەوە بە مەرجێك پلە تایبەت نەبن .**

**دووەم : زیادکردنی بڕگەی(٤) بۆ ماددەی سێیەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە کەسین و دەنێردرێن بۆ لیژنەی باڵا بە مەبەستی فرۆشتنیان دواتر دەربکەوێت کە خەرجی بۆ کراوە لەسەر خەزینەی حکومەت لە (سوتەمەنی و ڕوون و چاککردنەوە) ئەگەر لیژنەی باڵا ڕەزامەند بوو لەسەر فرۆشتنی ماوەی پشکەکەی (قسط)کەم دەکرێتەوە لە (١٠) ساڵ بۆ (٤) ساڵ .**

**سێیەم: هەموارکردنی بڕگەی (٢) لە ماددەی چوارەم بەم شێوەی خوارەوە:**

**٢- کۆنووسی خەملاندن لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەنێردریت بۆ لیژنەی باڵا بەمەبەستی دیراسەکردنی و دواتر بۆ پەسەندکردنی بۆ هەر دوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری بەرز دەکرێتەوە وە پێویستە پشتگیری سەرۆکی ئەو فەرمانگەیە هاوپێچ بکرێت کە پێویستیان بەو ئوتۆبیلە نیە.**

**چوارەم : هەموارکردنی بڕگەی (١) لە ماددەی بیستەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١- درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە تا ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٣١ ، دوای ئەم بەرواره هیچ پسوولەیەکی بەنزین خەرج ناکرێت جگە لە پسوولەی ئەو بەنزینخانەیەی گرێبەستی بەپێی سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ خەرجکردنی سووتەمەنی لەگەڵ فەرمانگەکە دابین کردوە .**

**پێنجەم : ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

| | |
|---|---|
| **ڕێباز حملان** | **کریم سنجاری** |
| **وەزیری دارایی و ئابووری** | **وەزیری ناوخۆ** |